# تا دەرفەتم دەبێ بەدرێژیی دەربارەی شۆڕشی گوڵان و سەرکردایەتیی کاتی بنووسم، ئەم چەند دێڕە بۆ مێژوو

## نووسینی: مسعود بارزانی

دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥، زۆر کەس و لایەن وایان دەزانی ئیتر خەباتی گەلی کورد کۆتایی پێ هات و، پارتی دیموکراتی کوردستانیش تەواو بوو. هەتا زۆر لە سەرکردەکانی خودی شۆڕش و پارتی کەوتنە پڕۆپاگەندە لە دژی بارزانی و، هەندێکیان لەم رووەوە هەموو سنوورێکیان بەزاند و پێیان وابوو، کە بەم سنووربەزاندنە خۆیان لە بەرپرسیارێتی رزگار دەکەن.

لێرەدا نامەوێ بچمە ناو ورد و درشتی هەلومەرجی نسکۆیەکە، چونکە حەتمەن کاتی ئەوە دێت و، بە دێکۆمێنتەوە لەسەری بنووسم.

بەڵام ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، کە بارزانی بەرپرسیارێتی هەموومانی خستە سەر ئەستۆی خۆی و، کاک ئیدریسیش بوو بە سپەر بۆمان. لەو رۆژە رەشانەدا زۆر چاک لە ئێش و ئازاری خەڵکەکە دەگەیشتین و، دەشمانزانی بەشی هەرە زۆریان بەرگەی ئەو رووداوە ناگرن، بۆیە هەتا ئەگەر قسەش بکەن لێیان ناگیرێت؛ بەڵام هەندێکی دیکە هەبوون کە بە شەماتەتەوە و بە پێکەنینەوە ئەو کارەساتە گەورەیەیان پێشوازی دەکرد و وایان دەزانی، کە ئیتر رۆژی تۆڵەیە.

بۆ حوکم دان لەسەر هەر رووداوێک باشترە بۆ مرۆڤ، کە پەلە نەکات، چونکە حوکمی بە پەلە زۆر جار مرۆڤ بە هەڵە دەبات و لێی پەشیمان دەبێتەوە، وابزانم بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە حوکمدانیان پەلەیان کرد زوو یا درەنگ پەشیمان بوونەوە، یان بەلای کەمی زانییان کە حوکمەکەیان راست و مونسیفانە نەبووە.

کاتێ کە هەموو راستییەکان دەکەونە بەردەست جەماوەر، ئەوسا دەزانن چ پیلانێکی گەورە لەسەر کورد هەبوو و بارزانی یش چ قوربانییەکی بە ناو و شۆرەتی خۆی دا بۆ رزگارکردنی خەڵکی کوردستان لە کارەساتێکی گەورەتر.

رەسەنایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و، خۆشەویستیی بارزانی لەناو دڵی گەلی کوردستاندا بەوە دەرکەوت، کە پاش ئەم نسکۆ گەورەیە هەمدیسان پارتی و بارزانی جێگەی ئومێدی گەل بوون و، هەر ئەوانیش ئامانجی پیلانەکانی دوژمن و ناحەزان بوون بە هەموو شێوەیەک.

هێز و گەورەیی بارزانی و پارتی لەوەدا دەرکەوت، کە پاش ئەم نسکۆ گەورەیە، جارێکی دیکە هەڵسانەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەموو هەوڵ و تەقەلالای دوژمنان بۆ لەناو بردنیان بوو و، حیکمەتیش لەوەدایە مرۆڤ دوای شکست هەڵبستێتەوە نەک قەت تووشی شکست نەبێ.

رەنگە زۆر کەس وا بزانن پاش نسکۆی (١٩٧٥) کوردستان پێشمەرگەی تێدا نەماو، کۆتایی بە هەموو شتێک هاتووە.

هەرچەندە هەموو کاتێک تەوەقوعی خیانەتێکی وەک رێککەوتنی شوومی جەزایر لە شا دەکرا؛ بەڵام بۆچوونێکی وا هەبوو، کە مادام ئەمریکا لە مەسەلەکەدایە ئەوا شای ئێران ناتوانێ خیانەتێکی وا بکات. راستە هەرچەندە کاتێکی زۆر کورتمان بەدەستەوەبوو و، کارەساتەکە ئەوەندە ناخۆش و گەورە بوو؛ بەڵام زەحمەت بوو لەو کەشو هەوایەدا مرۆڤ بتوانێ لە سەرەخۆ و، بە مێشکێکی بێگەرد بیر بکاتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و، بە فەرمانی بارزانی توانیمان چەند مەفرەزەیەکی بچووک لە پێشمەرگەو کەوادیر رێک بخەین و، لەسەر سنوورەکان خۆیان بپارێزن و، بەهاوکاریی برایانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش توانیمان ئیدامە بە مانەوەیان بدەین و، رۆژ بە رۆژیش بەرەو پێشەوە دەچوون.

لەمانگی نیسانی (١٩٧٥) بە بڕیاری بارزانی دەستمان کرد بە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی بۆ رابەرایەتی رێکخستنەکانی پارتایەتی لەناو وڵات وئاوارەکان و وڵاتانی دەرەوەو پەرەپێدانی باری لەشکریی ئەو چەند مەفرەزانەی کە لە ناو وڵات مابوونەوە.

راستە لەوکاتە ناخۆش و پڕ زەحمەتەدا نەدەکرا کردەی گەورەی وا بکرێ کە دەنگ بداتەوە، بەڵام کاری هەرە گرنگی ئەوسا ئەوە بوو، کە هەوڵ بدرێ نائومێدی لەناو دڵی تێکۆشەران نەچەسپێ و خۆمان ئامادە بکەین بۆ دەرفەتی داهاتوو، کە هەر زوو بارزانی پێشبینی دەکرد و پێشم وایە تا رادەیەکی زۆر لە بەجێهێنانی ئەو ئامانجەدا سەرکەوتن بەدەست هێنرا.

هونەر لەوەدایە، کە لەو رۆژە رەشەدا تێکۆشەرانێک هەبوون ئامادەبوون بە رووی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکدا رابوەستن و، گیانی خۆیان بخەنە سەر دەست و، پیشانی دۆست و دوژمنی بدەن، کە ئەگەر گەلی کورد تووشی نسکۆش ببێ دووبارە هەر هەڵدەستێتەوەو نامرێت.

ئەوەبوو لە رۆژی (٢٦)ی گوڵانی (١٩٧٦) یەکەم فیشەکی شۆڕشی تازە تەقی و لەو شەڕەدا پێشمەرگە و سەرکردەی قارەمان سەید عەبدوڵڵا نەبی شەهید بوو، ئەم رۆژەش بوو بە رۆژی دەست پێکردنی شۆڕشی گوڵان.

لەو رۆژانەدا رژێم ئەوەندە بەهێز بوو و، پەیوەندیشی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا ئەوەندە بەهێز بوو، زۆر کەسی وا هەبوون، کە باسی شۆڕش و بەرخودان دەکرا گاڵتەیان پێ دەهات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم ئاراستەی هەموو گەلی کوردستان لە گشت پارچەکانیدا بکەم بۆ ئەو پشتیوانییەی، کە لە رۆژانی رەشدا لێیان کردین.

سوپاس بۆ ئاوارە خۆڕاگرەکان چ لە ئێران و چ لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی لە بەردەم تەعریب و تەهجیر خۆیان راگرت و، لە کوشتنی بە کۆمەڵ نەترسان و، وازیان لە رێبازی کوردایەتی خۆیان نەهێنا.

سوپاس بۆ ئەو پێشمەرگە قارەمان و گیان لەسەردەستانەی، کە خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەناو ئەشکەوت و، بن بەرد و بن تەڕاش و دۆڵ بە دۆڵ تێکۆشان و، موعجیزاتیان دروست کرد.

سوپاس بۆ ئەو هەڤاڵانەی، کە زۆر مەردانە رازی بوون بەرگەی بەرپرسیارێتی مێژوویی بگرن لە سەرکردایەتیی کاتیدا.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان.

ئەوەش رادەگەیێنم، کە ئەگەر ئەجەل مۆڵەتم بدات لە کاتێکی گونجاودا بە درێژیی لەسەر شۆڕشی گوڵان و سەرکردایەتیی کاتی دەنووسم، بۆیە تا ئەو کات بە پێویستم زانی ئەم چەند دێڕە بۆ مێژوو بنووسم.